# قسەیەکی تر بۆ گەنج



جەمال پیرە

قەدەری ئێمە وابوو خاوەنی دەیان بگرە سەدان نووسەرو ئاکتیڤیستی فەرهەنگیی بووین بەڵام هیچیان نەبوون بە کەسێتییێکی وا بوێر تا شەق لە کولتووری داسەپاومان بدەنو ئازایانە لەپێشەوەی سەنگەری نارەزاییدا بوەستێ، چارەی ئێمە وا نووسرابوو کە دەبێ بەردەوام لە بۆتەی فەزایەکی سنوور بۆکێشراودا گیر بخۆینو لەسەر هێڵە بازنەییە کێشراوەکەی نەریتدا بۆ ئەبەد خوولبخۆینەوە، ئەمە بەتەنها حەقیقەتێکی بیستراو نییە بەقەد ئەوەی راستییەکن ئێمەو ئەوانەی بەر لە ئێمەو بە دڵنیاییەوە نەوەی دوای ئێمەیش بینیویانەو دەیبینن، چ خەفەتێکی لێنەبڕاوانەیە بۆ تا ئەبەد ملکەچو گوێڕایەڵی باوکەکانمان بینو لەگەڵ خۆماندا درۆدوو بین!! ئێمە لە نێوان چەندین ئەگەری جیاجیادا بەردەوام دەبینەوە بە مرۆڤێکی چەپێنراو، بێئاگایانە هەڵدەخەڵەتێینەوە، زوو زوو دەکەوینە داوی لەبیرچوونەوە، واتە هەڵگری یادەوەرییەکی تۆکمە نین تابتوانین ئەوەی کە رابردوو بە ئێمەی بەخشیوە ئەمڕۆ بیرمان بێتەوەو کاری لەسەر بکەین، هەڵبەتە من وایدەبینم کە لە نێوان واقیعیی ژیانی گەنجی کوردو بێدەنگی مرۆڤی کورددا مەسافەیەکی گەورە هەیە، مەودایەك هەیە پێویستی بە پڕکردنەوەیە،بۆشاییەکی گەورەی مەعریفیی هەیە هەر دەبێ بکەوێتە ژێر باری شرۆڤەکردنەوە، دیارە لەم سەروبەرەدا ئیرادەکان لەنێوان زاڵبوونو کپکردندا، لە نێوان ئیلتیزامو سەپاندنی را دا لەگەمەیەکی بەردەوامدان، ئیرادەی پیر کە ئەمڕۆکەو لە رابردووشدا ئیرادەیەکی زیندوو بووەو توانیویەتی کاریگەری نێگەتیڤی خۆی وەك تارماییەکی هەستکوژە لەگەڵ زیندەگی مرۆڤدا ببەستێتەوە، بەهەرحال لێرە

لەم ساتەوەختەدا ئەوەی گرنگە قسەی لەسەر بکرێت رووخانی سەرجەم پەیوەندییە ئالییەکانی نێوان کەسەکانو دەزگاو لایەنەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە، چونکە لە راستیدا ئەم شێوە پەیوەندییە حاڵەتێکی دروستکردووە کە ئیدامە بەهەموو سەرکوتکارییو بەکپ مانەوەی حاڵەتەکان دەدات، توێژە جیاجیاکان لەسەرەوە لە پەیوەندیدان بەڵام وەکوتر تا سەر ئێسقان دژ بەیەك هەم بیردەکەنەوە هەمیش لە هەوڵی سڕینەوەی یەکترو قایمکردنی پێگەی نادادپەروەریی خۆیدایە.

لە راستیدا نغرۆی نێو حاڵەتێکی یەکجار شپرزە بووینو ناتوانین تیایدا بەم تێگەیشتنو بیرکردنەوەیە کاراکتەرێکی سەرکەوتوو بین، هەڵبەتە ئەوەی مەبەستی چاودێریکردنو بەدواداچوونی ئەم حاڵەتە بێ زۆر بەئاسانی هەست بەم ئالۆزییەی ئەمڕۆی مرۆڤی کورد دەکات، ئەم ئالۆزییەش وەنەبێ بەتەنها لەیەك سۆنگەی ناکۆکییە خودییەکانی تاکەوە بێت بەڵکو لە چەندین لاوە لەبەردەم هەڕەشەی بێدەنگکردنو خەساندندایە، گەنجی کورد یا راستتر بڵێم مرۆڤی کورد وەك کەسێتییەکی دەستەمۆو گۆشەگیر ئەمڕۆکە لەنێوانی پێشکەوتنە خێراکانی سەردەمو تازە فراژووبوونی بونیادی کۆمەڵگاکەیدا گیری خواردووەو ناتوانێ ئەوەی کە رۆژگار لێیدەخوازێ ئەو بێ، ئەوەی کە پێویستە بیکات بۆی ناکرێ، ئەوەیشی کە گەورەترین رێگرە لەبەردەمیدا بۆ ممارەسەی ژیانی ئاسایی خۆی، بەتەنها کەسێكو لایەنێکی نێو کۆمەڵ نییە بگرە لە چەندین لاوە گەمارۆ دەدرێو زۆری لێدەکرێ تا تەسلیم بە ئیرادەی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ بێت، سەرجەم لایەنەکانی تریش جەنگاوەرانی ئەم ئایدۆلۆژیایەن، ئێمە کە پەروەردەی سیستمی پەتریارکی کۆمەڵگای کوردین بۆ ئەوەی کەسێك نەبین وەك زۆرینەی ملکەچ بیربکەینەوە بێگومان دەبێ ئەو جەنگاوەرە یاخییە بین کە دەتوانێ لەبەردەم سەرجەم هەڕەشەکانی ئەو لایەنانەی باسمانکرد رێگر بێ،، لەم حاڵەتە سەیرو نامۆیەی کۆمەڵگای ئێمەدا گەر ورد بۆی بڕوانین بێگومان چەندین لایەنی جیاجیای نێگەتیڤ بەرچاو دەکەون کە زۆر جاری تر قسەیان لەسەر کراوەو خراونەتە ژێر دووربینی لێکۆڵەران بەڵام لە راستیدا سەرجەم هەوڵەکان هەوڵی تاکەکەسیی بوونو هەوڵێك نەبوون توانیبێتیان کارتی فشار بن هەم بەسەر دەسەڵاتی ئیداریو سیاسیی هەمیش بەسەر هۆشیاری تاكو دەسەڵاتی سەپاوی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵ.

لێرەدا بۆ ئەوەی گەنجی کورد چیتر ئەو مرۆڤە گوێڕایەڵە نەبێت کە راستەوخۆ خزمەت بەو سیستمە پەتریارکییە بکات دەبیّ بەدوای ئەزموونو مێژووی گەلانی پێشکەوتوودا بچێتو شەنوکەوی هەنگاوەکانیان بکات، بێگومان گەلان لەسەرەڕێی گۆڕانو پێشکەوتندا لەیەکدەچن گەر لە پێکهاتەو بیرکردنەوەیشیاندا لەیەکدی نەچن، دیارە گەڕان بەدوای تێگەیشتنو شارەزابوونی ئەزموونی گەلان خۆی لەخۆیدا واتای یەکسانکردنی بیرکردنەوەی ئازادیخوازانە دەگەیەنیّ، واتای ئەوە دەگەیەنیّ کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا خاوەنی یەك تێڕوانینە بۆ ژیان ئەوەی کە جیایدەکاتەوە ژینگەو ئایدۆلۆژیاکانی کۆمەڵن، لێرەوە گەنجی کوردیش بۆی هەیە هەڵگری هەمان ئەو حەزو ئارەزووانە بێت کە گەنجانی تری دنیا هەیانە، من دەمەویّ بڵێم کە لەم کاتەدا دەبیّ گەنجی کورد گەیشتبێتە ئەو بڕوایەی کە هیچ هەوڵێکی فەردی، هیچ گۆڕانێکی بەرچاو لەخۆیەوە، هیچ بێدەنگییەکی کاریگەر، نابیّو نەبۆتە فاکتەری گواستنەوەی قۆناغی رابردوو بۆ قۆناغێکی نویّ، ئەگەر هەوڵێکی جیددی کۆکردنەوەی دەنگەکانو ستراتیژیایەکی بارگاویکراو بە رۆحی گەنجبوونی دوور لە سۆزو عاتیفەی سیاسییو کۆمەڵایەتی نەبیّ، لێرەوەیە دەبیّ هەمووانمان بیّ جیاوازی ئینتیما جیاجیاکان دان بەوەدا بنێین کە پێویستیمان بە شۆڕشێکی پرتەقاڵی هەیە، شۆڕشێك لەسەر پایەی جوانیناسیو مرۆدۆستییەوە وەستا بیّ.......

*2005/11/11*

*jamalpira@yahoo.com*